# جوانی ڕەنگی زەرد و زێڕین بۆ جلی کوردی

ڕەنگەکان کاریگەری دەخەنە سەر جوانی جلەکان، ئەمەش لە دانانی هەر ستایلێك بۆ دەستە جلەکان پێویستی بە ڕازاوەیی دەبێ، بۆ گشت جلێك ڕەنگەکەی دەبێتە پێوەر بۆ دەرخستنی شێوازی جلەکە، لە نێو جلە کوردییەکاندا، چەندەها ستایل و شێوازی تایبەت هەن کە تیشك دەخەنە سەر جوانی مۆدەکان، لێرەدا جلی کوردی یەکێکە لە شای جلەکان بۆ گشت خانمێکی کورد، لەم لایەنەدا پێویستیمان بەو ڕەنگە دەبێ کە لەلامان شایستەیە بۆ پۆشین، یەکێك لەو ڕەنگە ناسکانە بریتییە لە ڕەنگی زەرد، یان ڕەنگی زێڕین، کە جوانییەکی شاراوە دەگرێتە ئەستۆ، تەنانەت جوانیش بە جلەکە دەدات. کاتێك جلێکی کوردی لەم ڕەنگە دەبێ، ئەمەش لە پێشهاتدا دەبێ هەڵبژاردنی ئەو قوماشە لەم ڕەنگە بێ، دواتر دەکرێ بە جلە کوردییەکە، لە کاتێکدا جوانی ئەو شێوازە، سەرنجڕاکێشییەکی تەواو لەخۆ دەگرێ بۆ ئەوەی ڕەنگێکی جوان و جلێکی جوان دەربکەوێ لە جەستەی خانمانی کورد.





# ئێکسسوارەک

جوانی هەر یەکە لە ئێکسسوارەکان بە ڕازاوەترین شێوە دەکەوێتە سەر جەستەی خانمان، ئەمەش پێویستی بە جوانترین هەڵبژاردن هەیە تاوەکو لە نزیکەوە جوانییەکی کراوە ببەخشێتە ئەو شوێنەی کە ئێکسسوارەکەی تیایدا دادەنرێت، لێرەدا شێوەی ئێکسسوارەکان نموونەی جوانییەکە دەبن



# ماکیاژی تۆخ بۆ پشت چاو

ماکیاژی چاوەکان کاریگەریان هەیە لە هەڵبژاردنی دیمەنێکی گەشاوە بۆ ماکیاژی ڕووخسار، لێرەدا مۆدەکانی ماکیاژی چاو لە گۆڕانکاری ناوەستن و ئیتر مۆدەی تازە دەردەکەون، دانانی ڕەنگەکان بەپێی ئەو خواستە دەبێ کە لەلایەن خانمانەوە دەستنیشان دەکرێن، لەم ڕێگەیەدا دەکرێ سوود لە هاوڕەنگی بۆ پشت چاوەکان وەربگرین. یان دانانی ڕەنگێکی تۆخ بۆ پشت چاوەکان کە لە دوورەوە بەدەربکەوێ و هێمایەکی جوانی و ڕازاوەیی ببەخشێ، بەڵام دەبێ ئەوەش بزانین کاتێك ڕەنگە تۆخەکان بەکاردەهێنین بۆ پشت چاوەکان، دەبێ گرنگی بە ڕەنگی ئەساس و ماکیاژی ڕووخساریش بدرێ و گونجاندن لە نێوانیاندا هەبێ، بە مەرجێ کاریگەری هیچیان نەچێتە سەر ئەوەی تر، لەم ڕێگەیەدا جوانی ماکیاژی چاوەکان دەردەکەوێ و دیمەنێکی ڕازاوەش دەبەخشێ.

**لۆلان ئازاد**



## ــــانی تۆقە لە پەپوولە و گوڵ

و شــێوازێکی دیاریکراو دەبەخشــن، ئەمــەش وادەکات جوانترین مۆدەکان شــیاوی کراوەیی جوانییەك بێ کە لە ڕێگەی ئەو ئێکسسوارانەوە کاریگەر دەبێ. تەنانەت شــێوەی ئێکسسوارەکان وەك (تۆقەی قژ بەستن) پابەندە بە جوانییەکەیەوە، بۆیە تۆقەکانی قژ کە شــوێنێکی بەرچاویان هەیە کاتێك لە قژ دەبەسترێ، وادەکات جێگەی جوانی و ڕازاوەیی بێ، بەڵام ئەگەر شێوە جوانەکانی ئەو ئێکسســوارانەمان هەڵبژارد، بێگومان جوانییەکەی جیاواز دەبێ، بۆیە هەوڵبدەن شــێوەی ئێکسســوارەکانی قژ، لە شــێوەی گوڵ و پەپوولە بێ.

## ڕازاوەیی لە دیکۆرە مۆدێرنەکاندا

دیکۆرەکانــی ماڵ، بە دیمەنە جوانــەکان کاری ڕازانەوەیان بۆ دەکرێ، تەنانەت گرنگی دان بەو لایەنە دەبێتە دانانی دیکۆرێك کە جێگەی خواســتنی خانمان و گشت کەسەکانی ماڵەوە بێ، لێرەدا دەکرێ جیاکارییەك بکەین لەنێوان دیکۆرەکانی کلاســیك و مۆدێرن.

یەکێك لەو کەرەستە گرنگانەی لە ژووری نووستنی ماڵدا هەن، بریتییە لە پێخەفی نووســتن، یان سیسەم، کە ئەویش گرنگی خــۆی هەیە لە هەردوو لایەنی دیکۆر و شــوێنێك بۆ خەوتن و حەســانەوە، دەکرێ لە دیکۆرە کلاســیەکەکانەوە بە دوور بین و دیکۆرە مۆدێرنەکان بەکاربهێنین، وەك ئەو دیکۆرەی کە بریتییە لــە عەرەبانەیەکی جوان و خنجیلانە، کە تیایدا سیســەمێکی گــەورە و جوان لەخۆ دەگرێ، لێرەدا دەکرێ ســوود لە دیکۆرە مۆدێرنەکان وەربگرین، بە مەبەستی جوانکاری و دیکۆرێکی ڕازاوە لە ژووری نووستن.



## شایستەترین جل بۆ خانمانی سکپڕ



نموونەی جلێکی نەرم و ناسك، بۆ خانمانی دوو گیان، کاتێك کۆرپەلەیان لە ســکدا دەبێ، پێویستیان بە جلێکی فراوان و کراوە دەبێ، بۆ بە ئاسانی جووڵەکــردن و هاتوچــۆ، لێرەدا دانانی کراســێکی درێژ دەبێتــە شایســتەترین جل بۆ ئەو ماوەیە، کە دوو ســوودی گــەورە دەبینــێ، یەکێکیان داپۆشــینی گەورەبوونی سك، لەگــەڵ جوانییەکــی جوان بە لەشــولار دەدات بۆ پۆشــینی ســك، دووەمیان کراسی کراوە و نەرمە کە دەتوانیت بە ئاســانی و سادەیی بجووڵێیت. لە خوارەوەش لەگەڵ پانتۆڵێك یان تراکسووتێك بۆ ماڵەوە دەبێتە شایستەترین مۆدەکانی جلوبەرگ بۆ خانمانی سك پڕ.

بەرپرسی فایلی ڕەنگاوڕەنگ: ئیوان گەردی
Email: iwan_gardi@hotmail.com
Mobile: 07504679560

## سەیرترین کاری جوانکاری



هەنگاوەکان بۆ کاری جوانکردنی جەستە، بە سەیرترین ڕێگــە دەردەکەون، لــەم هەنگاوە ســەیرانەدا دیمەنە جوانەکان بەچاو دەبینرێن و دەبن بە جێگەی سەرسوڕمان و گومان لای گشــت کەســێك، لەوڵاتی بەریتانیا تازەترین ڕێگەکانی جوانی جەســتە دۆزراوەتەوە کــە لەڕێگەی ئەو کارە جوانکارییەدا پشــتی کچان یان کــوڕان بە قلدێنەوە دەبەســترێ. ئەوەی جێگەی ســەیرە پشتی ئەو کەسانە بە قولاپێکەوە کون دەکرێ و لێوەی دەخسترێ، ئەمــەش کە دەبێتــە ژان و ئازارێکی زۆر، کەچی بۆ جوانییە و گوێ بەم لایەنە نادەن، وەك دەبینن چۆن توانیویانە کۆمەڵە قولاپێك لە پشــت خســتراوە و دواتریش قلدێنەیەکی ڕەش یان ســپی لەم قولابانە دەخرێ و دەبێتە دیمەنێك بۆ جوانی پشت.



## لێوی جوان و سەیر

خانمــان بەجوانترین شــێوە خۆیــان دەڕازێننەوە، ئەمــەش مــافی خۆیــانە، چــونکە جوانــی بۆ خانمان و کچــان هاتووە، دانانی کارە سەیرەکان جوانتریــن هەنگاویــان پێــوە دەردەکــەوێ، جوانکردنی لێــو و دانانــی بۆیە وەك هەنــگاوێکــی جوانکاری کــلاسیکە و ئیتر مــۆدەی تازە دەرکەوتــووە و ئەوانەی پێشوو بەســەرچووە لەلای هەندێك لــە خانمان. ئەو چەنــد مۆدەیــە لە ڕازاندنەوەی لێوەکان لــە ماکیاژێکــی ســەیر و جوانــەوە دانراوە، کە هەر یەکە لــە شــێوەی گیاندارێك یان شێوەیەکی دیاریکراو دانراوە، ئەمەش بە مەبەستی ئەوەی مۆدیــەکــی ســەیر و سەرنجڕاکێش دەربخەن و نازناوێکــی پێــوە وەربگرن و بەناوبانگ و دیاربن.









## نمایشەکانی منداڵێکی جەستە لاستیک

ئەوانەی جەستەیان بە جۆرێك دەچەمێتەوە، سەرسامن و سەرنجی گشت کەسێك ڕادەکێشن، ئەمەش وادەکات ببێتە ڕێگەیەك بۆ سەیر و سەمەرە، تەنانەت دەکرێ لە نمایش و شوێنە گشتییەکان چەندین کاری نمایش پێشکەش بکەن، وەك ئەو منداڵەی کە ئێستا کاری ڕاهێنەری دەکات بۆ کەسانی دیکە بە مەبەسەتی فێربوونی بواری جمناستیك یان چەماندنەوەی جەســتە. ئەو منداڵە تەمەنی تەنیا (٧) ساڵە و ناوی (کۆشا) یــە و لە وڵاتی هیندســتان دەژی، لــە منداڵییەوە خاوەن جەســتەیەکی نــەرم و چەماوەییە، بۆیە ئێستا دیاریکراوە وەك ڕاهێنەرێك بۆ ئەوەی کەسانی دیکە فێری مەشق بکات لە بواری جمناســتیك و جووڵەی جەستە.







# وێنەکێشان بە بزمار

خاوەن بەهرە سەیرەکان دەتوانن لە بیرۆکەی سەیر کاری جوان دروســـت بکەن، ئەمەش وادەکات ببێتە جێگەی سەرســـوڕمانی کەسانی دیکە، بەهرەکان لەلایەن مرۆڤەوە دەردەکەوێ، لێرەشدا شـــێوازی بەهرەکانیان بە چەندین ئاراســـتەوە دەردەبڕن، یەکێك لەو وێنەکێشـــە ســـەیرانەی کـــە دەتوانێ بە ڕێگەی بزمـــار و بورغییەوە وێنە بکێشـــێ، یەکێکە لە وێنەکێشە سەیرەکان کـــە دەتوانێ کاری لەم جـــۆرە ئەنجام بدات، (نیانکی واکینگ) خەڵکی وڵاتی ئیرلەندایە و کاری پێشتری دارتاشە لە کارگەیەك، ئێستا بە ڕێگەی بزمار و بورغییەوە بۆتە ســـەیرترین وێنەکێش کە وێنە دەکێشـــێت لـــەم دوو جۆرە ماددەیە.



# مەشکە وەک ئامێرێکی کوردەواری بۆ دروستکردنی دۆ و کەرە




مەشـــکە ئامێرێکی کوردەوارییە بۆ دروستکردنی دۆ و کەرە(کەخواردنێکی خۆشە لە شێوەی پەنیر وایە). دروست کردنی مەشـــکە بەم شێوەیە دەبێ، سەرەتا پێستی بزن یان تەگە، ئەوەی کە بە (نێری) دەناسرێ، دەهێنرێت و ســـەرەتا پێســـتەکەی پاك دەکرێتەوە و مووەکانی لێوە دەکرێتەوە و دەیغارێنن، دواتر پەلکە هەنار و خوێ لە پێســـتەکە دەدەن و بۆ ماوەیەك هەڵیدەواسن، بەم شێوەیە پێستەکەی دەردەهێنن و پاك دەبێ، بەکارهێنانی پەلکە هەنار و خوێ تاوەکو پێســـتی مەشـــکەکە ڕەق و بەتین بێ، لەم کاتەی هەڵدەواسرێ و ئیتر ڕەق دەبێ، مەشکە بە (٣) دار دەبەسترێ و نابێ کونی هەبێ و ئەمەش بۆ نەڕژانی ئەو شـــلەیەی تێدایە، مەشکە بە ســـێ پێچکەی لە دار هەڵدەواســـرێ و لەســـەری دادەنرێ و سەرەوە بە گوریس دەبەســـترێ و دوو نـــاو لەپی دار هەیە بۆ گرتنـــی هەردوو لایەنی مەشـــکەکە، لەگەڵ دانانی شـــەبکە دارێك دەخرێتە نێوانیان بۆ ئەوەی توند بێ، پاشان ماست و ئاو دەخرێتە ناوی و دەهەژێنرێت و دەشڵەقێنرێت لە ئەنجامدا دەبێتە دۆ و کەرە، بە ڕێگەی دەرکەوە و کەرەکە و دۆیەکە وەکو ئاوێکە، کەرەکەش لە شێوەی سەرکە بازنە دەبێ و دەردەهێنرێت.

## کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




بەهۆی کێشەو گرفتێك یان ڕووبەڕووبوونەوەیەك دوودڵی و دڵەڕاوکێت پێوە دیار دەبێت، بۆیە خۆت بەدوور بگرە لە کێشەو ناکۆکی و ڕووبەڕووبوونەوە.

## گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




چەکی دەستت متمانە بەخۆبوونە، بەهۆیەوە دەتوانیت ئەمڕۆ دەستکەوتی باش بەدەست بێنیت و بەسەر کێشەو گرفتەکان زاڵ ببیت.

## دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠



خۆت تووشی کێشەو گرفت مەکە، ئاگاداری خۆت بە، ئەگینا بەهۆی هەڵەی کەسانی دیکە تووشی زیان دەبیت، بۆیە ئەمڕۆ ئەقڵت بەکاربێنە نەك زۆر و عاتیفە. تا تووشی هەڵە نەبیت.

## قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢



پێویستە ئەمڕۆ خۆت لەفشار و پاڵەپەستۆ ڕزگار بکەیت تاکو نەکەویتە نێو ئاژاوەو گرفت، دەرفەتێکت دێتە بەردەم و بیقۆزەرەوە تا باری سۆزداریت بگەڕێتەوە باری ئاسایی.

## شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



پێویستیت بە بیرکردنەوەو پشوودان و بەخۆداچوونەوە هەیە، بۆیە چەندی دەکرێ خۆت لەقەرەباڵغی بەدوور بگرەو لە کەشێکی ئارامدا ڕۆژ ببە سەر.

## گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢



ئاگاداری کەسانی دەوروبەرت بەو بەشێوەیەکی کوێرانە متمانەیان پێمەکە تا دڵنیا نەبیت لە ڕاستیەکان، ئەگینا تووشی هەڵە دەبیت و پەشیمانی دادت نادات.

# بای کەوچک!



داهێنانە تازەکان، کارەکانمان ئاسانتر و بەرەو هەنگاوی جوانتر بەڕێوە دەبەن، ئەمەش لە ڕێگەی بیرۆکە جوانەکانەوە دەبێ، ئەوەی لەبەرچاوتانە، داهێنانێکە کە کاری کەوچك پەك دەخات و ئیتر پێویستت بە کەوچك نابێ بۆ تێکدانی چای یان هەر خواردنەوەیەك، چونکە لە ناوەوەی کوپەکە ماتۆرێك هەیە و خۆی شلەکە تێکەڵ دەکات، ئەمەش تەنیا بە داگرتنی دووگمەیەك لەژێر پەنجەدا دەبێ.

# یاری پیت ریزکردن

هەوڵبدە ئەو پیتانەی ناو بازنەکان ڕێکبخەی بۆ ئەوەی سەیرانگایەکی کوردستانت بۆ دەربچێ.

ب ڵ ب خ ێ

وەڵامی ژمارەی پێشوو (خەنەبەندان)

## نوکتە

- کوڕێک بە خۆشەویستەکەی وت..:

ئەگەر لەگەڵم بێیتە دەرەوە، نەستەلەیەکت بۆ ئەکڕم.

کچەکە وتی: باشە.

پاش تۆزێکی تر پێی وت: ئەگەر ڕێگام بدەی لە تەنیشتت دانیشتم، نەستەلەیەکی تریشت بۆ ئەکڕم ؟

کچەکە وتی: زۆر باشە.

...پاش تۆزێکی تر پێی وت:

ئەگەر ڕێگام بدەیت دەستت بگرم، کیلۆیەک هەنگوینت بۆ ئەکڕم؟

کچەکە وتی: باشە.

ئەمجارە پێی وت:

ئەگەر ڕێگام بدەیت دەست بخەمە سەر شانت، خۆشترین نوقڵت بۆ ئەکڕم؟


کچەکە وتی: بەخوا وا بڕوا، پێش ئەوەی ماچەکەم بکەی، تووشی شەکرە ئەبم.

## جیاوازی وێنە!

بۆ زانینی ئاستی زیرەکی مێشك لەماوەی (٢) خولەکدا چەند جیاوازییەك لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە








## ئاسۆیی:

١- شاعیرێکی کوردبوو- چیایەکی کوردستانە.
٢- پایتەختی ئازەربایجان(پ)- دووپیتی نەهرۆ- رووخسار.
٣- ئاقل- جۆرە گوڵێکە- دەم(پ).
٤- چیایەکی کوردستانە.
٥- خۆی(پ)- پایتەختی ئاسیایە- پێش نەخۆش.
٦- راپۆرتێکی کوردییە- پایتەختی وڵاتێکی عەرەبییە(پ).
٧- ژین(ت)- هێز(پ).
٨- ناسا(ت)- فەیلەسوفێکی ئەڵمانی بوو.
٩- جۆرە فرۆکەیەکە(پ)- باوە(ت).
١٠- یانەیەکی بەرازیلییە.
١١- شاعیرێکی سویدیە(پ)- شاعیرێکی کوردبوو.
١٢- گۆرانیبێژێکی کوردە

## ستوونی:

١- کچە گۆرانیبێژێکە خاوەن وێنەکە- چیایەکی کوردستان(پ).
٢- یەك(ت)- بەرگدروو- نیوەی مالی.
٣- گەرم بە عەرەبی- توقیع(پ)- دووپیتی هێل.
٤- لۆ(پ)- گۆرانیبێژێکی کوردە(پ).
٥- سێ پیتی کاوە- رووخا(پ).
٦- وەکویەك.
٧- شاعیرێکی کوردە.
٨- سێ پیتی ریال- رەو(ت).
٩- ژمارەیەکە(پ)- داستانێکە(پ).
١٠- باڵندەیەکە- راهێنەری هەڵبژاردەی پێشووی عێراق.
١١- سێ پیتی سامان- جۆرە ئۆتۆمبێلێکە- وەکویەك.
١٢- کچە گۆرانبێژێکە- شاعیرێکی کوردبوو.

## مانای شتەکان لەخەوندا

گوڵ : لەخەودا پیاوێکی شـکۆمەندو بەناوبانگ و بە شەرەفە، یان گەڕانەوەی ئەو خۆشەویستانەیە کە دوورن لێت، گوڵ لێکردنەوە لە باخچە مانای پایە بەرزی و بەدەستهێنانی خۆشەویستییە، هەروەها گوڵ ئافرەتێکە یان جیا ئەبێتەوە یان ئەمرێ، هەروەها وتراوە گوڵ بازرگانیەتیەو نامێنێ یان خۆشی و شادییە بۆ ماوەیەکی کەم بەردەوام ئەبێت، کوڕ و کچی گەنج لە خەودا گوڵیان لەسەر سەربێت زەماوەند ئەکەن، ڕۆنی گوڵ زیرەکییە، برینەوەی دار و درەختی گوڵ غەم و خەفەتە،گوڵی زەرد نەخۆشییە، گوڵی سوریش پارەو جوانییە، گوڵی سپیش پارەیەکی کەمە.


**سەرچاوە : خەوننامە**

### تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢




لەوانەیە کەسێك بناسیت کە کاریگەری لەسەر دوارۆژت دەبێت، بەڵام ئاگاداربە لەگفتوگۆی توندو مشتومڕ لەگەڵ کەسێکی نزیکت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١



لەگەڵ خۆت راستگۆبەو بەساکاری و شەفافیەت لە بارودۆخ بڕوانە، رەنگە بەهۆی گۆڕانکاریەك لە دەوروبەرت هەڵوێستێکی نوێ بنوێنیت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١



ئەمڕۆ بێتاقەت دەردەکەویت و دڵەڕاوکێت پێوە دیار دەبێت، بۆیە پێویستە لەسەرت بە مێشکێکی کراوەو هێمنی مامەڵە لەگەڵ رووداوەکان بکەیت.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩




بەخت زەردەخەنەت بۆ دەکات و کاروبارەکانت بە باشی بەڕێوە دەچێت و هەست بە خۆشی و شادی دەکەیت، بەڵام پێویستە لەخۆبایی نەبیت.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨



شێوازی هەڵسوکەوتت لەگەڵ دەوروبەر پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە هەیە، بە بیرێکی رۆشن بەرەنگاری کێشەو گرفتەکان بەرەوەو لێنەگەڕێی هەڵچوون و تووڕەبوون بەسەرتا زاڵ بێت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠



گوێ لە ئامۆژگاری کەسانی دیکە بگرە، لەوانەیە ئەمڕۆ بەرهەمی باشت هەبێت، یاخود رەنگە هەندێ زانیاریت پێبگات کە سوودێکی چاکت پێ دەگەیەنێت.

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (سەرچنار) بوو



بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتایی ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پێچەوانەی تاك)
- پیتی خانەکانی (٣+٤+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (نازناوی گۆرانیبێژێکی تورکە، بە ئیمپراتۆری دووەم ناسراوە)
- پیتی خانەکانی (٢+١) کۆبکەیتەوە بە مانای (OK بە زمانی کوردی)
- پیتی خانەکانی (٣+٢+١) کۆ بکەیتەوە بە مانای (نەخێر بە زمانی تورکی)